Action on Pre-eclampsia بریتیە لە ڕێکخراوێکی خێرخوازی بەریتانی کە لە ساڵی 1991دا دامەزراوە. یارمەتی و پشتگیری پێکەشی ئەو ژنانە دەکات کە پێشتر توشی نەخۆشی سەرەتاکانی ئیکلەمپسیا pre-eclampsia ئیکلەمپسیا و HELLP Syndrome یان ئەوانەی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن لە کاتی سکپڕیدا (PIH) induced hypertension لەگەڵە.

Action on Pre-eclampsia دامەزراوە بە مەبەستی پشتگیری کردن و بەخشینی زانیاری بۆ ئەو ژنانەی بەدەست نەخۆشی سەرەتاکانی ئیکلەمپسیاوە ناڵاندویانە. ئیتر لەو کاتەوە وە لەگەڵ گەشە سەندنماندا، تێڕوانین و مەبەستمان وەک خۆی ماوەتەوە.

تێڕوانینی ئێمە بۆ دوواڕۆژە کە نەهێڵین نەخۆشی سەرەتاکانی ئیکلەمپسیا هەڕەشەیکی خراپ بێت لەسەر تەندروستی دایکان وە هەروەها بۆ مسۆگەر کردنی تەندروستێکی باش بۆ دایکان و کۆرپە لەدایک نەبووەکانیان. ئەرکی ئێمە دورخستنەوە یان بار ئاسانکردنی ناڵاندنە بەدەست نەخۆشی سەرەتاکانی ئیکلەمپسیاوە ئەویش لە ڕێی هۆشیار کردنەوەی خەڵکی کۆمەڵگاوە هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی و زانستی و بەهرەمەندی و دابینکردنی پشتگیری ڕاستەوخۆ و بەردەوامە بۆ خێزانە تووشبووەکان.

مەبەستی ئێمە فێرکردن و زانیاری پێبەخشین و ڕێنمایی کردنی خەڵک و کارمەندان و شارەزایان تەندروستیە لە بڵاوبوونەوە و مەترسیەکانی نەخۆشی سەرەتاکانی ئیکلەمپسیایە. ئێمە لە ئاستێکی مەزنتردا هەڵمەت دەکەین بۆ هۆشیار کردنەوەی گشت دەربارەی نەخۆشیەکە و هەروەها کارکردن بۆ مەبەستی پێشخستن و چاکردنی هۆکارەکانی چارەسەرکردن. ئێمە پشتگیری ژنە تووشبووەکان و خێزانەکانیان دەکەین، هەروەها کۆمەکی لێکۆڵینەوەکان دەکەین کە لە پێناو دۆزینەوەی هۆکارەکانی نەخۆشیەکەدا ئەنجام دەدرێت وە یارمەتی بوارە تەکنیکیەکانی چارەسەر کردن دەدەین.

ئێمە زانیاری لەسەر نەخۆشی سەرەتاکانی ئیکلەمپسیا ئامادە دەکەین بۆ ژنانی سکپڕ و خێزانە بەرکەوتووەکان و شارەزایانی بواری تەندروستی بە تایبەتی لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری منداڵ بوون. ئێمە خوێندن و ڕۆشنبیری لەسەر نەخۆشی سەرەتاکانی ئیکلەمپسیا دابین دەکەین ئەویش لەڕێی دروست کردنی پرۆگرامی بەردەوام بۆ بەستنی کۆنفرانس و خوێندن. هەروەها ئێمە هێڵێکی تەلەفون بۆ یارمەتیدانمان ئامادە کردووە (+208 427 4217)، کە پێکهاتووە لە تۆڕێک لە خەڵکانی یارمەتیدەری ناوچەکە بۆ بەخشینی ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردنی شارەزایانە.